# لەدانیشتنی داهاتووی دادگای ئەنفالدا ناوی سەرۆك جاشە داواكراوەكان ئاشكرا دەكرێن

**تایبەت بەمیدیا/** سەرۆكی تیمی پارێزەرانی كورد لەدادگای باڵای تاوانەكانی عێراق رایگەیاند لە دانیشتنی داهاتووی دادگای دۆسیەی ئەنفال كە لە ٦ی مانگی داهاتوو ئەنجامدەدرێت، ناوی ئەو سەرۆك جاش و موستەشارانە ئاشكرا دەكرێن، كە لەدۆسیەی ئەنفال تۆمەتباركراون بە بەشداری كردنیان لەتاوانی ئەنفالدا.

لەلایەكی دیكەوە لەسەر داوای ژمارەیەك لەكەسوكاری ئەنفالكراوەكان دۆسیەی ئەنفالكراوەكان دەستیكرد بەبانگكردنی دوو سەرۆك جاش كە دەستیان لەپرۆسەی ئەنفالدا هەبووە.

سەرچاوەیەكی باوەڕپێكراو لەدادگای باڵای تاوانەكانی عێراق كە ئامادەنەبوو ناوی خۆی ئاشكرا بكات بە(میدیا)ی راگەیاند كە "عەباس بایز باوێل ئاغا كە یەكێكە لەو سەرۆك جاشانەی لەناوچەی پشدەر، كەسوكاری ئەنفالكراوەكان داوای یاساییان لەسەر تۆماركردووە، هەروەها روونا‌ك ئیبراهیم مەدحەت سەرۆك جاشی فەوجی ١٣٨ لەناوچەی تەقتەق لەلایەن كەسوكاری ئەنفالكراوەكانەوە چەندین سكاڵای لەسەر تۆماركراوە، بڕیارە دادگا ئەم دوو سەرۆك جاشە ئاگادار بكاتەوە تاكو لەدادگا ئامادەبن بۆ لێكۆڵینەوە".

سەرچاوەكە جەختی كردەوە كە ئەم دوو سەرۆك جاشە بەپێی سكاڵاكان لەكاتی هەڵمەتەكانی ئەنفالدا لەو ناوچانەدا "دەستیان هەبووە لەكوشتنی خەڵك و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی خەڵك". لەپەیوەندییەكدا محەممەد عورەیبی سەرۆكی دادگای باڵای تاوانەكان ئامادە نەبوو وردەكاری زیاتر لەسەر جاشەكان بڵێت و بە(میدیا)ی راگەیاند كە ناوی ئەو كەسانە لەدادگا ئاشكرا دەكرێت.

هەروەها سەرۆكی تیمی پارێزەرانی كورد مستەفا عەسكەری بە(میدیا)ی راگەیاند "لەدانیشتنی ٢٠٠٧/٥/٦ داواكاری گشتی ناوی هەموو تۆمەتبارەكان ئاشكرا دەكات".

عەباس بایز باوێل ئاغا لەپەیوەندییەكدا بە(میدیا)ی رایگەیاند "ئەو قسانە دەكرێ هەمووی ناڕاستە، من دەزانم ئەو پروپاگەندانە كە بۆ شكاندنی من دەكرێ حیزبێكی لەپشتەوەیە، من ئامادەنیم وەڵامیان بدەمەوە و ئەوە خەڵك خۆی وەڵامیان دەداتەوە" هەروەها لەبارەی دادگاوە گوتی "هیچ كەسێك لەلایەن دادگاوە منی ئاگادار نەكردووەتەوە، بەڵام لەم نزیكانە بۆتان روون دەبێتەوە كە ئەو قسانەی لەسەر من دەكرێ هەمووی ناڕاستە".